# لە ساڵیادی سەفەرکردنیدا

## زانای دەست بەقەڵەم ئەو شۆڕە سوارەی تفەنگ و وشەی پێکەوە گرێدابوو!

**ئاری عەبدوڵلەتیف**



**مامۆستا ئەحمەد لە ڕێ ڕۆشتن و هەیکەل و جل و بەرگ و ریش و سیواک و تفەنگ و قەڵەمەکەیەوە دیاربوو کە دەبێتە مامۆستایەک کە لەبیر ناکرێ لەکۆڕو کۆمەڵ و کۆمەڵگەکەیدا، لەهەمانکاتیشدا لە حیزبیشدا دەبێتە پێشەنگێکی دیارو پشت دەبەسترێ بەلێدوان و بیرکردنەوەو ڕامان و سەرنج و نووسین و بەرهەمەکانی.**

یەکێك لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی بەڕێز زانای پایە بەرزو شێخی موجاهید مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود ئەوەبوو کە توانی لەتەمەنی خۆیدا دنیای جیهادو خوێن و ڕشتنی عارەق لەگەڵ نوسین و زانست و قەڵەمدا گرێ بدات و بە پەروەردەو پێگەیاندن و بە جیهادو تێکۆشان وەکو دوو ڕەوتی سەرەکیی و گرنگی بانگکردنی ئیسلامیی و کاری ئیسلامیی گرێ بدات و لە هیچ یەکێکیان خەمساردو کەمتەرخەم نەبێت و هەردوو بوارەکە بە هەند بگرێ. ئەو وێنەیەی کە لەبەرچاوتاندایە ساڵانی کۆتایی هەشتاکانە کاتێ بەڕێز مامۆستا وەکو ڕێبەرێکی چاو نەترس لە شاخەکانی کوردستاندا پێشمەرگەکانی بزووتنەوە ڕێنمونیی دەکات و رایان دەهێنێ لەسەر جیهادو خوێنڕشتن لەپێناوی خواو پێغەمبەرەکەیدا. دیارە مامۆستا پلەی جیهادی بوونی تا ئەو ڕادەیە بوو کە هەر زوو لەکۆنگرەکانی بزووتنەوەدا بوویە جێ متمانەی ئەندامانی پاڵێوراوی حیزب و هەر زوو بە زوو بوویە ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی، لەپاشانیش هەڵبژێردرا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی. ئیدی بڕینی ئەوقۆناغە بەو شێوە خێراییە، نیشانەی گەشتن بوو بەپلەی موجاهیدێکی سەر ڕاست و خواناس، بۆیە لەحیزبێکی چەکداری حەساس و گرنگیشدا دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی بەتەمەنێکی کەمەوە، هەرچەندە ئەو تەمەنەی پڕە لە قوربانیی و نەسرەوتن و ماندوونەبوون و بەڵام لەهەمانکاتدا شەونخونیی و ئازار و ئەزیەتێکی بێ شومار.

ئەو لە ڕێ ڕۆشتن و هەیکەل و جل و بەرگ و ریش و سیواك و تفەنگ و قەڵەمەکەیەوە دیاربوو کە دەبێتە مامۆستایەك کە لەبیر ناکرێ لەکۆڕو کۆمەڵ و کۆمەڵگەکەیدا، لەهەمانکاتیشدا لە حیزبیشدا دەبێتە پێشەنگێکی دیارو پشت دەبەسترێ بەلێدوان و بیرکردنەوەو ڕامان و سەرنج و نووسین و بەرهەمەکانی.

ئاخر مامۆستایەك ئەو هەموو وتارو ئەوهەموو نوسین و ئەو هەموو کتێبە چاپکراوەی لە بواری ئایینیی و ئیشکردن لەکاری ئیسلامیدا هەبێ ، هەر دەبێ لەبیر نەکرێ، هەر دەبێ

ببێتە جێی متمانەی هەموولایەك. هەر بۆیە سەرکردایەتی بزووتنەوەو مەکتەبی سیاسیش تا ڕۆژی مردنی بە ڕەمزی بزووتنەوەو بەرگریی و موقاوەمەت و جیهادیان دەزانی. لەلایکی دیکەشەوە سیفەتی سەرکردەی تێدابوو ئەو سیفەتەی کە ناترسێ و لە هیچ شتێ سڵ ناکات و ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ بێ بیری لێ نەکاتەوە، بەڵگەو دێکۆمێنتەکانی بزووتنەوەش لە رابردوودا بەتایبەت کەڤاڵ و وێنەکان و نوسین و بەرهەمەکان شاهیدی ئەو ڕاستیەن، ئەو وێنەیەش کە لەبەرچاوتاندایە کۆتایی هەشتاکانە نەك سەرەتای دووهەزار و حەوت! چونکە لەسەردەمێکدا رێبەری گەلێکی پەژموردەو هیلاك و ماندوبووە زۆرێك خەڵك لەسەر دۆشەکەی گەرم و نەرم پاڵیان لێداوەتەوەو خەو بردونیەتەوە، ئەوکاتانەی کە مامۆستا فیشەکی بە بەعسەوە ناوە خەڵکێکی زۆر لەسەر سفرەی ئەو دەسەڵاتە ئالکی خواردووە، ئەو رۆژەی مامۆستا بە تفەنگە مزەلیی و بەدەمانچە چواردەخۆرەکەی کە لەشەڕا گرتبووی بەرەو ڕووی جەللادەکانی سوپای عێراق دەوەستایەوە هەر ئەوکاتانە شتێك نەبوو ناوی حکومەتی هەرێم و ناوی پەرلەمان و شتێك نەبوو ناوی داهاتی کوردستان و شتێك نەبوو ناوی بودجەو شتێك نەبوو ناوی ئەنجومەنی وەزیران و شتێك نەبوو ناوی دەستوور بێت، وە شتێکیش نەبوو ناوی هەڵبژاردن بێت. ئەوکاتە بزووتنەوە خەڵکی وەکو مامۆستای هەبووە کە تەنها تۆزی پێڵاوەکانیان سەروەت و سامانی عێراقی هێناوە، سەیر لەوەدایە ئەمڕۆ هەمان ئەو بزووتنەوەیە دەیان مامۆستای وەکو مامۆستا ئەحمەدی تێدایەو لەهەموو سامان و خێرو بێرێکی ئەم نیشتمانە بێ بەشە، بەڵام هەموولا ئەبێ دڵنیابن و رۆحی مامۆستاش ئێستە لەنێو گڵی پیرۆزی گوڵاندا ئەبێ ئاسوودەبێ کە بزووتنەوەکەی رۆژێ لە رۆژان سەر دانانەوێنێ بۆ تەنها دینارێك نەك ئەو هەموو بودجەو نەسریەو پارەکاشەی کە مانگانە ئەبەخشرێتەوە بەسەر ناوەندو حیزب و شوێنە جیاجیاکانی ئەم وڵاتەدا.

شێخی موجاهیدیش هەر ئەبێ دڵنیابی کە لە بەهەشت فریشتەکان دێن و وەك ئەم چاوپێکەوتنەی بڵاوکراوەی (النفیر) کە ساڵی (1990) بزووتنەوە دەریدەکرد، ئاوەها لەوێش چاوپێکەوتنێکی گشتی ساز بکات و یەکێ لەخاڵەکانیشی باسی بزووتنەوەبێ. تەمەنێکی کورت بەلاّم پڕ لە هەڵوێست و هەوڵ وجیهادو ناسۆریی لە پێناوی مەبدەئەکەیدا لە ڕۆژی 25–1–2007 کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی (گولاّن)و لە تەنیشت گۆڕی پێشەوا عوسمانی کوڕی عەبدولعەزیزەوە لە حشودێکی جەماوەری بەرفراواندا بەخاکمان سپارد. فسلام علیە یوم ولد ویوم مات ویوم یبعث حیا.

